حەلبووسی: دادگای باڵای فیدراڵی دەستور پێشێل دەکات

محەمەد حەلبووسی دەڵێت، ئەرکی دادگای باڵای فیدراڵی پاراستنی دەستوورە، بەڵام خۆی ئەوەی پێشێل کردووە. دەشێت، دادگای فیدراڵی ناتوانێت ئەندامێتیی هیچ کەسێک لە پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە بەبێ گەڕانەوە بە مادەی 52.

محەمەد حەلبووسی لە بەغدا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی بڕیارێکی دادگای فیدراڵی قسەی کرد و ڕایگەیاند، ئەرکەکانی دادگا بریتین لە چاودێریکردنی دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان و پاراستنی دەقەکانی دەستوور، هەروەها یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان.

حەلبووسی وتیشی، ئەو بابەتە پێیوەست نییە بە محەمەد حەلبووسی، بەڵکو پێیوەستە بە دەسەڵاتی یاسادانان. دەشێت، هیچ پەرلەمانتارێک بۆی نییە تانە پێشکێشی دادگای فیدراڵی بکات بەبێ ئەوەی پێشتر داواکەی پێشکێشی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکات.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی ڕایگەیاند: بڕپێی ماددەی 49 لە دەستوور و بڕپێی یاسای هەڵبژاردن

بڕیارەکەی دادگا یاسایی نییە، ئەمە سوورین لەسەر ئەوەی هەموو لایەنێک پابەندی دەستوور بن".

وتیشی: "بڕگوێرەی دەستوور و یاسایی هەڵبژاردن، تەنها سەرکی پەرلەمان بە هەیە کەتایی بە ئەندامەتی پەرلەمانتار بهێنێت، هەروەها تەنها دادگای دادوەری بە هەیە لەسەر تاوانە جیاوازەکان بڕیار لە سەر پەرلەمانتار دەربکەن".

ئەوەشی خستەڕوو: "تەنها بەپێی ماددەی 52ی دەستوور، دادگای باڵای فیدراڵی بە هەیە بەدواداچوون بکات، ئەویش لە سەر راست و دروستی ئەندامەتی پەرلەمانتار".

محەممەد حەلبووسی، وتی: "بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی بە قبوڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەکەی لەیس دلەمیش هەیە، چونکە لە دەسەڵاتی ئەوان نییە".

دەڵێت: "ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت کەمەگە بەرەو ئاقارێکی نادیار دەچێت".

لە درێژەی قسەکانیدا، حەلبووسی وتی: "سکاڵاکەی پەرلەمانتار باسم خەشان لەبارەی پاڵپشتی کردنی کەمپانیا ئەمەریکییەکان کە "لەژەرەوە سەر بە ئیسرائیلن"هەمووی ناڕاستە و پێیوەندی بە ئەمەوە نییە، دادگای فیدراڵی بە مەبەست سکاڵاکەی باسم خەشان و لەیس دلەمی تەکەڵە کردووە".

حەلبووسی وتیشی: "سکاڵاکەی پەرلەمانتار باسم خەشان لەبارەی پاڵپشتی کردنی کەمپانیا ئەمەریکییەکان کە "لەژەرەوە سەر بە ئیسرائیلن"هەمووی ناڕاستە و پێیوەندی بە ئەمەوە نییە، دادگای فیدراڵی بە مەبەست سکاڵاکەی باسم خەشان و لەیس دلەمی تەکەڵە کردووە، دادگای فیدراڵی تەنها بە هەبوو بڕیار بدات، کە دەسەڵاتکارکێشانەوەی لەیس دلەمی راستە یاخود ناڕاست؟".

محەممەد حەلبووسی، دەڵێت: "بە خزمەتکردن هاتووەتە ناو سیاسەت و بەردەوامیش دەبم".

جێی ئاماژەیە دوێنی سەشەممە دادگای فیدراڵی بریاری دا بەدورخستنەوەی محەمەد رەکان حەلبووسی لە ئەندامەتی ئەنجومەنی نوێنەران بە بڕیارێک کە جێگای تانە نیە.